# بێرکۆت و سەریڕەش! .... ئاشتی ئیبراهیم

گۆڕینی قەبارەی نوسین: − +

ashtiEbrahim 15.03.16



**Mar 16**

سەریڕەش بە لەخۆباییبونێکەوە بە بێرکۆت دەڵێت! بەر لە مێژوو سروشت لووتەکەییەکی بەرزیی پێبەخشیوم و ناوم سەریڕەشە. هەموو کاتێک جێگەی تەماحی زاڵمان، مەنزڵگایی سەیران و جێگە حەوانەوەی خواپێداوان بووم. شوێنی مەستکردنی ژنان و کچانی خاوەن باوک، برا، مێرد، دەستگیران و خۆشەویستی پارەدار بووم. لەوەتەی هەم سوڵتان و پادشای ئەو ناوچەیەم. تۆ، بەرزاییەکان، گردۆڵەکەکان، پانتایەکان و قەڵاتی هەولێر کڕنۆشتان بۆ هێناوم. لێرەوەش چاوسووردەکەمەوە لە بابەگورگور.

سەردەم سەردەمی منە! بووم بە شوێن و حەوانەوەی، کەسایەتییە دەستڕۆیشتووەکان، کەس ناوێرێت ئاورێکم لێبداتەوە، هەموویان تێر وپۆشتە. خاوەن پارە، خزمەتکار، چەکدارو لانکرۆزەری جام ڕەش و بیرەنەوتەکانی وڵات. ئەو خانمانەیی لەسەر لووتکەکەم گوزەران دەکەن، گەڵێک پۆشتەن! خشڵ و ملوانکەکانیان لە ئەڵماس، یاقوت، رووبین، عەجید، ئۆپڵ و مرواریی قوڵایی نێو ئۆقیانووسەکان دروستکراوە، دەستەخوشکەکانیان خەڵکی بەرزایی قەڵاچۆلانن کە یەکێکن لە ژنە ملیۆنێرەکانی دنیا. بانکەکانی بەرزاییەکانی ماونت مەکینلی، شاخی ئارارات، مۆنتە ڕۆسا و ئەڤێرسیان پڕکردوە لە دۆلار و یۆرۆ و سەبیکەی زێر.

هەموو کوردێک ناوێرێت رووم تێبکات! تەنیا ئەو کوردانە نەبێت کە خەڵکیی بەرزاییەکانی قەڵاچۆلان، گردی زەرگەتەن، پارەدار، خاوەن و پشکدار لە بیرەنەوتەکان. میوانەکانم تەنیا کورد نین، سەڕانیی ئەرتەش و چەندرەمەیی تورکیی، سوپایی پاسدارن و سوپایی عیراقین، کە بە هەزاران هەزار کەلە سەریی کوردیان خستۆتە ژێر پۆستاڵەکانیان.

قەدپاڵم پڕکراوە لە کۆشک و باڵەخانە، رەنگاورەنگ و رازاونەتەوە بە بەردی حەلان و مەرمەڕی ئیتالی. دیوەخانەکەم بووە بە شوێنی دابەشکردنی پۆست، پارە و بیرەنەوتەکان. پۆڵ پۆڵ یاخی بووەکانی دوێنێ! بوون بەدۆستی نزیکی ئیمڕۆم، هەموویان هەڵگریی بیری نوێ، مارکسییەت، کۆمۆنیستی، شۆرشگێریی، ئاینیی، داخوازیاریی دەستکەوتە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان بوون! زەمانێک بوو گڕو تەوژمی رقی تینی چەوساوەکان، هەژارەکان، رەش و رووتەکانیان تێم ئاڵاندبوو. ئیمڕۆ من بووم بە برا گەورەی هەموویان، شوێنی متمانەی هەڵڕشتنی کۆڵی خەمەکانیان، هەر هەموویان زەلیل و کۆیلەیی بەردەستیی منن.

بێرکۆت! تۆ لەوەتەی هەیت ژێر دەستی من بوویت، لا دێیەک لە تەختاییەکی بچووک، خاوەن خەڵکێکی هەژاری جل و بەرگ دڕاوی بێ دەرامەت بوویت. خانمەکانت رووت و رەجاڵ، ماندوو، پێست سووتاوی بەر خۆرن، خانووەکانت لە قوڕ دوروستکراون، هەرچیی رەش و رووت نەبێت رووت تێناکات. من هەر سوڵتان و گەورەی تۆ بووم! ئیمڕۆش ناوم لەسەریڕەشەوە بووە بە سەری بڵند!

بێرکۆت! دەڵێت، ئەوانەی روویان لە تۆییە دزو جەردەی نێو میللەتن، ناپاك، درۆ و دراو بووە بە پیشەیان، ئەو سەرکردانەیی دێن بۆ سەردانت هەموویان خوێنمژ، بەرژەوەندیی پەرست، رووخاو داڕماون، هیچ شتێکیان لا نەماوە ببیەخشن لە مۆراڵ، پرنسیپ، هەڵوێست، خۆشەویستیی و هەستیی مرۆڤاییەتی. ئەمانە سووکو رسوای نێو میللەتن، تۆ مەنزڵگایی زاڵمان، رۆشەنبیرو نووسەری قەڵەم فرۆشیت، ناوت نەبووە بەسەری بڵند،

بووە بە سەری سوور! تۆ سروشت دروستی کردویت خاوەن لوتکە بیت. من هەڵوێست بەرزی کردومەتەوە بەرەو حەوت تەبەقەی ئاسمان، من بێشەی ئەو خانمانەم دایکی ئەو شاعیرەن، کە بۆ سنوور و ئاڵایی کوردستان، ئازادی وڵات و خۆشەویستی نیشتمانی نووسیوە. پەنجەی تاوانی درێژ کردوە بۆ گەندەڵکاران، دز، جەردەو زاڵمەکانی کە لە بەرزایی تۆدا خۆیان حەشارداوە، چۆکی دانەداوە بۆ پارەو سامانی تۆ، لە دیوەخانەکەت نەبووە بە سەپان و تۆ شێخ، من مەنزڵگایی لەدایک بووی قەڵەمیکی پڕ لە هەڵویستی بەرزە فری وەکو عەبدوڵا پەشێوم، بۆیە لەیادت نەچێت تۆ ناگەیت بە ووردترین خاکی بەرپێی هەژارەکانم، سەریشم لەلوتەکی تۆ و بەرزترین لوتکەکانی جیهان بەرزترە.

------------------

**تیبینی:**

١- ماونت مەکینلی بەرزترین لوتکە لە ئەمریکا لە هەریمی ئەلەسکە.

٢- شاخی ئارارات بەرزترین لوتکە لە تورکیا.

٣- مۆنتە رۆسا بەرزترین لوتکە لە سویسرا.

٤- ئەڤیرس، دەکەوێتە نێو چین و ناپۆل.

٥- بێرکوت ئەو گوندەیە نزیك بە شاری هەولێر، شوێنی لەدایک بوونی شاعیری ناودارو بە هەڵوێستی کورد عەبدوڵا پەشێو.

٦- دوای نیشتەجێبوونی بنەماڵەی بارزانی لە چیایی سەریڕەش ناوی گۆردراوە بۆ سەریبڵند.

* هەتا ئەو ساتە، شاعیری ناوداریی کورد عەبدوڵا پەشێو خاوەن هەڵویستی بەرزە بەرامبەر بە دۆزی رەوایی میللەتی کورد کە شایەنی ڕێزلێنانە. هیوادارم پارێزگاری لە هەڵوێستەکانی بکات تا کۆتایی چرکەیی ژیان.

## کۆمێنتەکان (0 بۆچوون):

سەرجەم: | ئەنجامەکان

### بۆچوونی خۆت بنووسە

ناوی خۆت:

ئیمێلکەت:

سایتەکەت:

کۆمێنتێك بنووسە:

**تکایە ئەو کۆدە بنووسە، ئەوەی لە وێنەکەدایە:**

وێنە:

کۆد:

بینێره